## ئەگەرەکانی تر..



مەریوان وریا قانع دەینوسێت

# ئەخلاقو خوداکانی کوردستان

"شەوی هەینی ڕێکەوتی ١٢/٩ ئەم ساڵ لەشارۆچکەی دوبز باوکێك کچەکەی خۆی کە تەمەنی ١٣ ساڵە دەخنکێنێت، دواتر تەرمەکەی فڕێ دەداتە ناو مەشروعی ئاوەکەوە. سەرچاوەیەك کە لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم ڕووداوەیە ڕایگەیاند کە هۆکاری کوشتنی ئەو کچە ئەوەیە باوکی لەگەڵ کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵدا بینیویەتی قسەی کردووە، ئەم باوکە ئەم قسە کردنەی بۆ قبوڵ نەکراوە کچەکەی کوشتووە". ئەمە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵەیە کە ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** هەفتەی ڕابردوو لەلاپەڕە سێدا بڵاویکردۆتەوە، دیارە ئەم جۆرە هەواڵانە ئەوەندە دووبارە بوونەتەوە تەنانەت ڕەخنەگرێکی وەك **هاوڵاتی**ش بەشایستەی نەزانیوە بیکاتە یەکێك لەهەواڵە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکە یان گرنگییەکی تایبەتی پێبدات، گواستنەوەی ئەو هەواڵە بۆ لاپەڕەی سێ‌و کورتکردنەوەی لەو چەند دێڕەدا پێمان دەڵێت کوشتنی منالان لەسەر بەهانەی "ئەخلاقی!!!" مەسەلەیەکە لەکوردستاندا هیچ ڕاچڵەکینێك دروست ناکات، ڕووداوێکە بەبەردەمی ویژدانی تاکە کەسی‌و کۆمەڵایەتیماندا تێدەپەڕێت بێئەوەی نارەزایی‌و قریشکەیەکی ئەخلاقی بخاتەوە. هیچ هێزو لایەنو گروپێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ناخاتە جوڵە، کەس تووڕە ناکاتو چەند چرکەیەکیش خەو لەکەس نازڕێنێت. لەوڵاتی ئێمەدا کەس نایەوێت فریای ئەو منالانە بکەوێت کە فڕێدراونەتە بەردەمی ئەو بەربەریەتە کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقی‌و کولتوورییەی لەناو خێزانو دەرەوەی خێزاندا ئامادەیە.

بێدەنگی کۆمەڵگای ئێمە بەرامبەر بەم ڕووداوەو دەیانی دیکەی لەم بابەتە هێمای ئەوەیە هەستی ئەخلاقی لەو وڵاتەدا یان مردووە یان ئەوەندە لاوازە نوزەکەشی نابیسترێت. وڵاتی ئێمە بۆتە گەورێکی ئەخلاقی، عادەتە کۆمەڵایەتییە نائینسانییەکان بەجۆرێك پیرۆز کراوەو سەپێنراون هەستی ئەخلاقی ئێمەیان کوشتووە، ئەگەر چی ئەم عادەتانە پێ بەسەر ژیانو بەختەوەری‌و ئازادی ئینسانی ئێمەدا دەنێن، بەڵام پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئەخلاقی نییە بۆ پێداچوونەوەو ڕەخنە کردنیان. ڕەنگە مەترسی هەرە سەرەکی ئەم دۆخە لەوەدا بێت کە ئەو هەموو منالو ئافرەتو عاشق کوشتنە ناتوانێت پرسیارێکی ئەخلاقی ڕاستەقینە بخاتەوە، ناتوانێت گومانێك بەرامبەر بەو فەزا ئەخلاقییە دروست بکات کە برێکی زۆر بەربەریەتی تێدایە، ڕۆشنبیریی ئێمە بەشێوەیەکی ترسناك خاڵییە لەگفتوگۆو نووسینو قسە کردن لەسەر ئەخلاق، قروقەپێکی ویژدانی بەرفراوان لەسەر کێشە ئەخلاقییەکان هەیە، ڕۆشنبیرانو سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە ئەخلاقیان بەجێهێشتووە بۆ مەلاو هێزە کۆنزەرڤاتیڤو دینییەکان، بۆ ئەو باوكو ریش سپی‌و ئەخلاق فرۆشانەی سانتیمەترێك ئەمدیوی سەدەکانی ناوەڕاست نەهاتوون. ئەوەی ئەم بەڕێزانەش نووسیویانە کۆمەڵێك کتێبۆچکەو نامیلکەو خوتبەی دینییە کە ترس لەژیانو ترس لەئازادی‌و ترس لەگفتوگۆی نێوان نێرو مێ بەرێوەیدەبات. سەرجادەکانی کوردستان پڕن لەکتێبۆچکەکانی باس لەترس لەپێکەوە بوونی نێرو مێ دەکەن، لێوانلێون لەهەڕەشەی خودایی بۆ منالان، ئامۆژگاری بۆ خوشکان دەنووسن کە خۆیان داپۆشنو عەتر بەکارنەهێننو بەدەنگی بەرز پێن کەننو دەیانو سەدان تووڕەهاتی دیکەی لەم بابەتە. کایەی ئەخلاق لەدنیای ئێمەدا کایەی پیاوە پیرە خەرەفاوەکانو مەلا نیوە خوێندەوارەکانو ئەکتیڤیستە دینییە توندڕەوەکانە کە لەنێوان ئەخلاقو بەربەریەتدا فاسیلەیەکی بچووکیان نەهێشتۆتەوەو ویژدانی ئەخلاقی ئێمەیان پڕ کردووە لەبێویژدانی، کارەساتەکەش لەوەدایە لەهەموو کوردستاندا هێزێك نییە، پلانێك نییە لەسەر پاك کردنەوەی ئەم ویژدانە لەناشیرینی کار بکات.

بۆ ئەوەی بزانین کۆمەڵگایەك بەئەخلاقە یان بێئەخلاق دەبێت وەڵامی ئەو کۆمەڵگایە بۆ کێشەو مەترسی‌و گرفتو داخوازییەکانی، بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ حەزو ئارەزوو ویستی ئینسانەکانیدا، هەر کۆمەڵگایەك لەسەر چەپاندنو بێدەنگ کردنو ترساندنی ئەو شتانە کار بکات کۆمەڵگایەکی بەربەرییە، بوونی کتێبی ئاسمانی، بوونی دین، بوونی حیزبو ڕێکخراوی سیاسی‌و ناسیاسی هەمەجۆر، گەر نەیانتوانی بەر بەکوشتنی منالێکی سیانزە ساڵان بگرن، گەر نەیانتوانی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ نەکراوو ڕەهای باوکێك چاودێری بکەنو بۆیان نەکرا بەراستی تاوانی کوشتن لەهەموو ئاستەکاندا قەدەغە بکەن، لەبەربەریەتەوە ئاڵاون، ئەخلاق شتێك نییە لەئاسمانەوە دابەزێت، دیاردەیەکە لەکۆمەڵگاو واقیعو مێژوودا بەرجەستەیە، بەگۆڕانی سەردەمو ئینسانەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. مادامەکی ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین دوای چەندان گۆڕانو هەڵبەزو دابەزی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کولتووری ناوێرێت باسی کێشە سەرەکییەکانی خۆی بکاتو ناتوانێت پرسیارێك لەبەها ئەخلاقییەکانی بکات، بۆیە خوتبەو دەنگە دەنگی ئەخلاق گەراکانی جگە لەرستێك درۆو فێڵو ناپاکیی هیچی دی نییە.

ڕەهەندێکی گرنگی ئەخلاقو پەیوەندیەتی بەدەسەڵاتەوە: ئەوەی کە دەست نیشانی باشەو خراپە، ڕاستی‌و درۆ، هەقیقەتو ناهەقیقەت دەکات هێزە دەسەڵاتدارەکانن. دەسەڵاتیش لەوڵاتی ئێمەدا زۆر بەدەگمەن نەبێت خەڵکانی ئینسان دۆستو ژیان دۆستو خاوەن ویژدانی دروست نەکردووەو لەوەش ناچێت بەم زووانە دروستی بکات، ئەوەی دەسەڵات لای ئێمە دروستی دەکات کەسانی "خۆ بە خودا زانن". کەسانێکن کە لەنێوان خۆیانو خودا فاسیلەیەك نابینن، لەخوداکانی ناو سیاسەتەوە بۆ خوداکانی ناو خێزان، ئاخر کەسێك مافی ئەوە بەخۆی بدات منالێکی ١٣ ساڵان بکوژێت ئەو ڕۆڵە بەخۆی ڕەوا دەبینێت کە خودا بۆ خۆی داناوە، لەویژدانی دینیدا کە ویژدانی باڵادەستە لای ئێمە، تەنها خودا مافی بەخشینو مافی سەندنەوەی ژیانی لەئینسان هەیە، ئەم لاساییکردنەوەیەی خوداو وامان لێدەکات بپرسین داخۆ کۆمەڵگای ئێمە چ وێنەیەکی بۆ خودا هەیە، گەر لەئەخلاقو هەڵسوکەوتی "خۆ بەخودا زانەکانی" کوردستان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت ئەو خودایەی ئەوان لاسایی دەکەنەوە خودایەك نییە بەرگری لەخۆشەویستی‌و گفتوگۆو جوانی بکات، خودایەك نییە میهرەبانو دڵنەرمو بەخشندە، بەڵکو خودایەك تووڕەو ڕقانی‌و تۆڵەسێن، خودای سۆفی‌و عابیدە گەورەکان نییە، بەڵکو خودای سیاسییە ناپاكو پیاوە ئاینییە گوناهبارو باوکە بەربەرییەکانە، خودایەك نییە خۆشمان بوێت بەڵکو خودایەکە لێیدەترسین.

ئەمڕۆکە لەدوای کوشتنی ئەو هەموو منداڵو ئافرەتو عاشقانەوە کۆمەڵگای ئێمە پێویستییەکی گەورەی بەگۆڕینی وێنەکانی خودا هەیە لەخودایەکی بێرەحمو تووڕەو تۆڵەسێنەوە بۆ خودایەکی میهرەبانو بەرەحمو بەخشندە، (بێگومان ئەم قەیرانە ئەخلاقییە پێویستی بەزۆر شت هەیە بەڵام ئەمە یەکێکە لەهەرە گرنگەکانیان)، بەبێ ئەم گواستنەوەیە هەموو باس کردنێکی ئەخلاق لەوڵاتی ئێمەدا بێ مانایە، بیست ساڵێك لەمەوبەر مامۆستا شێرزاد حەسەن لەچیرۆکێکدا باسی ئەوە دەکات کە ئینسانەکانی وڵاتی ئێمە بوون بەداهۆڵ، واتە بوون بەئینسانی بێرۆحو بێهەستو بێمیهر، لەبیست ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای کوردی بەم داهۆڵانە ڕۆحی بەخشی، بەڵام ڕۆحێکی بەربەری، کۆمەڵگای ئێمە لەکۆمەڵگای داهۆڵەکانەوە بووە بەکۆمەڵگای بەربەریەت، ئەوەی مایەی شەرم کردنە ئەوەیە کۆمەڵگای ئێمە لەسی ساڵی ڕابردوودا بەعەسی قبوڵ کرد، ئەو هەموو خوێنو ناعەدالەتی‌و سووکایەتیکردنەی ئەم ساڵانەی دوایی قبووڵ کرد، کەچی توانای قبوڵ کردنی گفتوگۆی نێوان دوو منداڵی نێرو مێی نییە، قبوڵییەتی کچێکی دوانزە ساڵە لەسەر نامەیەکی دڵداری بکوژرێت، ڕۆژنامەنووسێك لەسەر کارەکەی دەربکرێت چونکە ڕاپۆرتێکی لەسەر خۆشەویستی نووسیوە.

لەڕاستیدا تاقە وەزیفەیەك کە ئەمڕۆکە بۆ ئەخلاق لەکوردستاندا مابێتەوە بریتییە لەکۆنترۆڵ کردنێکی خنکێنەری پەیوەندی نێوان نێرو مێ، یان شەرعیەت بەخشین بەکوشتنی کچانو ئافرەتان، لەمە بترازێت هەموو شتێکی دیکە ڕەوایە، دزی ڕەوایە، ناعەدالەتی ڕەوایە، خیانەت ڕەوایە، درۆو دوو ڕوویی ڕەوایە. لەڕاستیدا کوشتنی منالێك لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ منالێکی دیدا چیدی قسە لەقەیرانی ئەخلاق ناکات، بەڵکو قسە لەگۆڕانی بەها ئەخلاقییەکان دەکات بۆ بەهای بەربەریانە، کۆمەڵگایەك نەتوانێت منالەکانی لەکوشتن بپارێزێت بەکەڵکی ڕێز گرتن نایەت، کوشتن بێئەخلاقترین کارێکە ئینسان ئەنجامی بدات.




# لێدوانێکی جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق دەربارەی بڕیاری ١٠٨٨ بۆ هاوڵاتی

سەرچاوەیەك لە نوسینگەی جێگری سەرەك وەزیرانی عێراقەوە ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق بڕیارێکی دەرکرد بە ژمارە ١٠٨٨ لە ٢٠٠٤/١٢/٢١ کەتیایدا بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو بڕیارو ڕێنومایی‌و فەرمانانەی دەرچووبوون لەسەردەمی ڕژێمی سەدام کە قەیدی باری شارستانی "قيد الاحوال المدنيه"ی هاوڵاتیانی پێ گوازرابووەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ڕاپێچ کراوی (قصرا) تیایدا نیشتەجێ کرابوون دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤو یەکسانی لەنێوان هاوڵاتیاندا، هەروەها ئەم بڕیارە مافی بەو هاوڵاتیانەداوە کە قەیدەکانیان بگوازنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەرەتییان و بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی باو باپیرانیان.

هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دامو دەزگاهەڵوەشێنراوەکانی ڕژێمی لەناوچوو بەبڕیاری ئاماژە پێکراو لەسەرەوە، بە بڕیارێکی گرنگ دەژمێردری‌و ڕەنگدانەوەی تایبەتی دەبێت بۆ شاری کەرکوكو ناوچەکانی تری کوردستان کە دووچاری تەعریب بوو بوون.

ئەم بڕیارە تەواوکەری دووبڕیاری تری حکومەتی عێراقە کە لە پێش ئەم بڕیارە دەرچوو بوون یەکەمیان، بڕیاری ژمارە ٤٢ی ساڵی ١٩٨٥ی ڕژێمی سەدامی هەڵوەشاندەوە ، ئەوی تریان تایبەتە بەلابردنی گشت ئاستەنگەکانی بەردەم پێدانەوەی بڕوانامەی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ کوردە فەیلییەکان.

ئەم زنجیرە بڕیارە یەك لەدوای یەکی حکومەتی عێراقی هەنگاوی ڕاستو دروستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی تەعریب لە کوردستانداو لەو پێناوەشدا کاری زۆر ماوە ئەنجام بدرێت لە چوارچێوەی

# کارەبا و گەمەی هەڵبژاردن

لەم ماوەیەی دواییدا خەڵکی کوردستان کەمێك خۆشحاڵ بوونو وتیان لەمەودوا بەبۆنەی وادەو بەڵێنەکانی جێگری سەرەك وەزیرانی عێراقو سەرەك وەزیرانی ئیدارەی هەولێر چیتر کوردستان دەبێت بەڕۆژی ڕوناكو ڕزگارمان دەبێت لەم تاریکییە.

چونکە هەر یەك لەم دوانە بەڵێنی ئەوەیاندا کە یەکێکیان لەبەغداو ئەوی تریان لەئێرانەوە بەپێی دوو ڕێکەوتننامە بڕێکی باش کارەبا بۆ کوردستان بێننەوە، بەڵام واماوەی زیاتر لە دوو هەفتە تێدەپەڕێتو ئەگەر ئێستا وەزعی کارەبا خراپتر نەبووبێت، بێگومان باشتر نەبووە.

کارەبای شاری سلێمانی کە تەنها بەشەو دێتەوە چەندان جار لەگشت گەڕەکەکانی شار دەبڕێت، خۆ ئەگەر ئەمە وەزعی کارەبای شاری سلێمانی بێت، بێگومان ئەوە شاری هەولێر گەلێ خراپتر دەبێت.

لەوڵاتان هەر حزبێك لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بێتو بەنیازی ئەوە بێت گرەوەی هەڵبژاردن لەڕێگای زۆرکردنی دەنگەکانەوە بباتەوە، ئەوا دنیایەك خزمەتگوزاری شارستانی پێشکەش بە خەڵك دەکاتو هەرچ بەڵێنێك لێپرساوەکان بیدەن ئەوا لەبەر میسداقییەتی خۆیانو نەدۆڕاندنی دەنگەکان دەست بەجێ جێبەجێی دەکەن، بەڵام پێدەچێت لەوڵاتی ئێمەدا ئەمە یەکراست پێچەوانە بووبێتەوە.

لەو دەمەوەی کە هەرێمی کوردستانو عێراق لە هەڵبژاردن نزیك بووەتەوە، گرانی‌و نەگبەتی ڕوویکردۆتە خەڵك، نرخی شتومەك لەخۆراکەوە تا دەگاتە سووتەمەنی چەند قات بەرزبووەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بۆ سووتەمەنی دەبێت شەوچرا بەدیار بەنزینخانەوەکانەوە بکەویت.

سەرباری ئەمە خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ لەهەمووکات زیاتر هەستیان کردووە کە یەك لیستی بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە لەقازانجیان بێت ئەوە لەڕووی ئابوورییەوە بەدەیان جار زەرەریانە. لەو دەمەوە کە ترسی بردنەوەو دۆڕاندن نەماوە نەهەواڵی شاری نموونەیی‌و نە دابەشکردنی مووەلیدەی کارەبایی لەهیچ کونجێکدا نابیستیت.

بۆیە من دڵنیام کە خەڵکی کوردستان ئا لەم بارودۆخە ئابووری‌و ژیارییەدا کە ئێوە بۆتان ڕەخساندووە، نەك ئامادە نییە دەنگتان پێبدات، بەڵکو بەدڵنیاییەوە لەگەڵ کوژانەوەی هەر گڵۆپێکدا هەزر ڕەحمەتی جوانتان بۆ دەنێرن.

**سیڤان کاوە**

# چیمەنتۆی تاسڵوجە بەکرێ دەدرێتە کۆمپانیایەکی میسری

سلێمانی. پ، هاوڵاتی: بریکاری وەزارەتی پیشەسازی‌و وزە ڕۆژی ١٢/١٩ لە کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە لە کۆبونەوەیەکدا ڕایگەیاند کە کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ دەدرێ بەکرێ بە کۆمپانیای (ئۆراسکۆم)ی میسری.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەکارگەی چیمەنتۆ سازکرا نەوزادی نوری بەگ بریکاری وەزیری پیشەسازی‌و فاروقی مەلامستەفا وەك شەریکێکی کۆمپانیای ئۆراسکۆم لەگەڵ کارمەندانو کرێکارانی کارگە ئامادەی بوون، ڕێکەوتنامەی نێوان هەردولا ڕاگەیەنرا.

ئەم ڕێکەوتننامەیە کە لە ٢٠٠٤/١٢/١٢ هەردوولا ئیمزایان کردووە، تیایدا هاتووە" کە کۆمپانیای (ئۆراسکۆم) لە ماوەی دووساڵدا لە ٢٠٠٥/٢/١٢ تا ٢٠٠٧/٢/١٢ کارگەکە نوێ بکاتەوەو هاوکات بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کارگەکە بەکرێ وەردەگرێ بەنرخی ١٠٠٠ تەن چیمەنتۆ لە ڕۆژێکدا".

فاروقی مەلا مستەفا وەك نوێنەری کۆمپانیای (ئۆراسکۆم) بە هاوڵاتی ڕاگەیاند:" کە لەدوای نوێ کردنەوەی کارگە بەرهەمی ڕۆژانە دەگەیەنینە ٦٠٠٠ تەن چیمەنتۆ لەڕۆژێکدا، لەکاتێکدا ئێستا ڕۆژانە نزیکی ٣٠٠-٧٠٠ تەن بەرهەم دەهێنێ".

بریکاری وەزیر لەبارەی ئەوەی کە کۆمپانیای (ئۆراسکۆم) کۆمپانیایەکی ئیتسالاتە چۆن نوێ کردنەوەی کارگەی چیمەنتۆی پێ دەسپێرن، وتی "ئاساییە لەبەر ئەوەی لەتوانایدا هەیەو پێشتر لە زۆر وڵاتی تر ئیشیان لە کارگەی چیمەنتۆدا کردووە، وەك میسرو جەزائیر". هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە هەموو کارمەندانی کارگە لەماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا هەر لەکارگە ئیش دەکەن بەهەمان ئیمتیازاتی جارانیان".

# چەند نامەیەکی هەڕەشە بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێوە

پەیامنێری هاوڵاتی: لەگەڵ نزیکبونەوەی جەژنی سەری ساڵدا چەند نامەیەکی هەڕەشە لەچەند شوێنێکی گشتی پارێزگای سلێمانیدا بەشێوەیەکی سنوردار بڵاوکراونەتەوە.

لەنزیك سەنتەری گەنجان لەشاری کۆیە نامەیەك بەدەست نوسراون، هەڕەشە لەخەڵك دەکەن کە لەسەری ساڵدا جەژن نەکەن. هەروەها لەشاری کۆیە نامەیەك فڕێدراوەتە بەر دوکانێکی مەی فرۆشتنەوەو داوا دەکات کەدوکانی مەیفرۆشەکە دایبخات.

# لەبەغداد سێ هاوڵاتی کورد لەخێزانێکدا کوژران

گەرمیان. پ، هاوڵاتی: چەندکەسێکی نەناسراو شەوی (١٢/١٨) لەگەڕەکی (عامریە)ی شاری بەغداد هەڵدەکوتنە سەرماڵێکی کوردو پیاوێك بەناوی (شاکر مەحمود سلێمان)و (سەبیحە عومەر)ی هاوسەری‌و (حەسەن)ی کوڕی دەکوژن. ئەم خێزانە هیچ کێشەیەکیان نەبووە تەنها لەبەر ئەوەی کە کوردبوون کوژراون .

## لە(ڕانیە) پۆلیسێکی گومرگ خوێندکارێك دەداتە بەر چەقۆ

سلێمانی، پ.هاوڵاتی: پۆلیسێکی گومرگ کە ناوی (شاخەوان حەسەن ئەحمەد)ە، خۆی‌و دوو کەسی تر خوێندکارێکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کۆیە دەدەنە بەرچەقۆ.

ڕۆژی (١٢/١٩) لەگەڕەکی شەهیدان لە شارۆچکەی ڕانیە، سێ کەس کە دوانیان برانو ناویان (شاخەوان و ڕێباز حەسەن ئەحمەد)ە، (پێنج) چەقۆ لەخوێندکار (دیار غەفور) دەدەن کە خوێندکاری قۆناغی یەکەمی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کۆیەیەو دواتر هەڵدێن. چەقۆ وەشێنەکە کە ناوی (شاخەوانە) پەنادەباتە بەر ماڵی (جەمال هەڕووتی) کە کارگێڕی فەرماندەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، (جەمال هەڕوتی) لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەهاوڵاتی ڕاگەیاند "(ڕێباز) بەو حوکمەی کە باوکی لای من پێشمەرگەبووەو شەهیدبووە، بەو عەتفە هاتبووە لای من. من لەبەر هەندێك کۆبوونەوەو کاری تایبەتی خۆم نەمتوانی

بەڵام ڕۆژی سێشەممە بەدەستی خۆم تەسلیمی ئاسایشم کردووەو ئێستا لەزینداندایە".

لەمبارەیەوە حەیدەر سەعید بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕانیە بەهاوڵاتی ڕاگەیاند "ئەو کەسەی کە چەقۆکانی لێدراوە دەعوای لە سەر سێ کەس تۆمارکردووە کە چەقۆ وەشێنەکەیان پۆلیسی گومرگەو براکەشی خوێندکاری پۆلی دووەمی ناوەندییەو هەردووکیان دەستگیرکراون. بەڵام کەسی سێهەمیان تائێستادەستگیرنەکراوە".

شایەنی باسە هەردوولا کوڕە شەهیدنو لەنێوان خۆیاندا بووە بەشەڕیان، بریندارەکەش تەندروستی باشەو لەژێرچاودێری پزیشکدایە .

# خێزانێك ٢١ساڵ زیندانی دەکرێن

هەولێر. پ، هاوڵاتی: بەپێی مادەی ٤٠٦ لەیاساکانی سزای عێراقی حوکمی ٢١ ساڵ زیندان بەسەر خێزانێکدا درا ، بە تاوانی کوشتنی دوو کەس لەبنەماڵەکەی خۆیان.

دادگای تاوانەکانی هەولێر ڕۆژی١٥/١٢ بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی و بەمادەی ٤٠٦، حوکمی ٢١ ساڵی بەسەر شەش ئەندامی خێزانێکدا دا، گوایە تاوانبارن بەوەی دەستیان هەبووە لە کوشتنی دوو کەس لەبنەماڵەکەی خۆیان، کە مام و برازای خۆیانن.

ئەم حوکمەی دادگا بۆ دووەم جار بووە پاش تەمیزکردنەوە، ژن و پیاوەکە بە پێنج ساڵ و نیو حوکم دراون، چوار کوڕیشیان بەهەشت ساڵ زیندان. بەمەش حوکمی ٢١ ساڵ بەسەر شەش کەس لەو خێزانەدا دەدرێت و ئێستا چوار منالی ماڵەکە بێ سەرپەرشت ماونەتەوە.

